
## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکانی گەرمیان

نیسانی 2025

## پێشەکی:

لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا ٤٣٥ گوند هەیە، ئەم گوندانە دابەش بون بەسەر ٩ ناحییەدا، لەڕوی خزمەتگوزارییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانەوە، بەشێکی زۆری گوندەکان کێشەیان هەیە، بەڵکو نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان گرفتی بۆ ژیانیان دروستکردوە.
لە خوارەوە بە خاڵ ئاماژە بە دیارترین کێشەکان دەکەین.

# بەشی یەکەم: کێشە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکانی گەرمیان

### ١. ئاو

سەرچاوەی ئاوی گوندەکان چوار دانەیە، یەکەمیان کە سەرەکی ترینیانە بیرە، دوەمیان روبار و چەمەکانە، سێیەمیان راکێشانی ئاوە لە گوندی ترەوە و سێیەمیشیان گەیاندنی ئاوە بە تانکەر.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان دەڵێت: ژمارەیەکی کەم گوندمان هەیە کە تائێستا کێشەی ئاوی مابێت، ئەویش بەهۆی نەبونی هیچ سەرچاوەیەکی ئاو لە وشوێنانە نەمانتوانیوە چارەسەری بکەین و ژمارەکەشیان لەوانەیە ١٥ گوند بێت و ژمارەی دانیشتوانیان زۆر نییە.
نەبونی ئاو و شیاونەبونی ئاوی خواردنەوە لە گوندەکاندا، کێشەی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینانە، ئەم گرفتەش بوەتە هۆی ئەوەی هەندێک لە گوندنشینان گوندەکانیان بەجێ بهێڵن.
کێشەکەش خۆی لە نەبونی ئاو، کەمی ئاو، تاڵی و سوێریی ئاو و نەبون و خراپی تەئسیسی ئاودا دەبینێتەوە.
وەهاب ئەحمەد، هاوڵاتی لە گوندی سەرقزڵی سەر بە ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: ئەو ئاوانەی لە نزیک گوندەکەمان هەیە تاڵە، بەهیچ شێوەیەک بە کەڵکی خواردنەوە نایەن، کێشەی ئاو بوەتە هۆکاری کەمبونی دانیشتوان و چۆڵ بونی گوندەکە کە ئێستا ٧ماڵین.
هەروەک تەها رەشید، ئەنجومەنی گوندەکە، دەڵێت: لە دروستبونی ئەم گوندەوە تائێستا کێشەی ئاوی هەیە، ئاوی خواردنەوەمان نییە، لە گوندەکانی چوارکڵاو و مەحمود قەجەرەوە بە تەنکەر ئاومان بۆ دەهێنن.
لەبەرامبەردا، سەردار محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: ئاوی خواردنەوە کێشەی سەرەکی گوندی سەرقزڵە، بیر لە سنوری ئەو گوندە سەرکەوتو نابێت، ئەمەش بە هۆکاری کۆمپانیاکانی نەوتەوە ئاوەکەیان شیاو نییە بۆ خواردنەوە.
دەشڵێت: کەشف بۆ نزیکترین خاڵی بیر لەو گوندەوە کراوە کە گوندی چوارکڵاوە، بۆ ئەوەی بیریان بۆ لێبدرێت بە بۆڕی بۆ ناو گوندەکە رابکێشرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکراوە.
لایخۆشیەوە نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان دەڵێت: ئەو گوندانەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان نییە یان ئاوەکەیان نەشیاوە بۆ خواردنەوە، لە رێگەی تەنکەرەوە ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکەین.
دەشڵێت: هەندێک گوند هەیە بەهۆی ئەوەی ئاوی زۆر دورە بیری قوڵی لێ هەڵناکەندرێت و ئاوەکەی نەشیاوە، ئەم گوندانە لەرێگەی تەنکەرەوە ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکەین تا بتوانین پرۆژەیەکی گونجاویان بۆ بکەین.
دەشڵێت: ئەو گوندانەشی کە بەهۆی وشکەساڵییەوە سەرچاوەی ئاوەکەیان وشک دەکات، ئێمە ئەبێت چارەسەری تازەیان بۆ بدۆزینەوە یان بەهەڵکەندنی بیربێت یان لەرێگەی راکێشانی تۆڕی ئاو بێت لە گوندێکی نزیکی خۆیەوە.
«سەرچاوەی ئاوی گوندەکەمان کە روباری قۆرەتوە تەلبەند کراوە بە تەلبەندی سنور، مامەڵەی یاسایمان کرد بۆ ئەوەی دەرگامان بۆ بکەنەوە، پاش چەند مانگێک لە کردنەوەی، دەرگایان لێ داخستین، بەو هۆیەوە گوندەکە و ئاژەڵەکانمان بێ ئاون». حەیدەر رەحیم، ئەنجومەنی گوندی مەجید سالاری سەربە ناحییەی قۆرەتو، وای وت.
وتیشی: ئاوی خواردنەوەمان لە حەوش کوڕو بۆ دێت کە ئەویش لە هەفتەیەکدا دو بەرمیلمان بۆ دێت.
لە بەرامبەردا سەردار محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: تەلبەندکردنی ئەو ئاوەی دێت بۆ گوندی مەجید سالار لەلایەن پاسەوانی سنورەوە بە بڕیاری حکومەتی عێراق بوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێک لەگەڵ پاسەوانی سنور دانیشتوین و بەمەیدانی سەردانمان کردون، چەند دەرگایەکیان بۆ کراوەتەوە، ئەو ئاوەش بۆ ئاودێرییە نەک خواردنەوە.
دەشڵێت: روودانی ئەم حاڵەتە هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی بەرپرسی پاسەوانی سنور کە رەنگە زانیاری نەبێت ئەوە روبدات، بەڵام هەرکاتێک ئەو دەرگایانە داخرابێت گوندەکە سەردانمانیان کردوە ئێمەش پاسەوانی سنورمان لێ ئاگەدار کردوەتەوە و هاوکارمان بون.
«پرۆژەی ئاوی گوندەکەمان ساڵانێکی زۆرە کراوە، ئەو سەردەمە ژمارەی دانیشتوانی گوند زۆرکەم بوە، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ماڵ زیاد دەکات، ئێستا ١٨٥ ماڵین و ژمارەی دانیشتوانیشمان ٧١٠ کەسە، بۆری ئاوەکەمان دو ئینج و نیوە، پێداویستی ئاوی دانیشتوان گوند پرناکاتەوە، ئەگەر بکرێت بە چوار ئینج و نیو بەشی هەموماڵەکان دەکات». ئومێد حەمید، ئەنجومەنی گوندی هۆرێن سەربە ناحییەی مەیدان، وای وت.



پرۆژەی گەیاندنی ئاو بە گوندێکی گەرمیان

سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان

ئاماژەی بەوەشکرد: پرۆژەی ئاوەکەمان لە سەرتەکەوە بۆ دێت کە نزیکەی ٢ کیلۆمەتر و نیو دورە، بۆ چارەسەر چەند جارێک سکاڵامان کردوە و دەرخستەی بۆکراوە، تائێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە بەرامبەردا سەروەت محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی مەیدان، دەڵێت: گوندی هۆرێن یەکێکە لە گوندە گەورەکانی سنوری ناحییەکە لە روی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە، پشتگیری داواکاریەکەیانین و کارمان لەسەری کردوە و لەرێگەی بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیانەوە نوسراومان کردوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی، چاوەڕوانی رەزامەندیین بۆئەوەی ئێمەش پرۆژەکەیان بۆ جێبەجێ بکەین.

یەکێکی تر لە کێشەکان، سوێری ئاوەکەیە، کە بەهۆیەوە هەندێک لە گوندەکان سود لە ئاوی گوندەکانیان نابینن، ئەمەش ناچاری کردون بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە پشت بە سەرچاوەی دیکە ببەستن.

ئەحمەد کەریم، ئەنجومەنی گوندی چەمی شۆر سەر بە ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: ئاوی گوندەکەمان بە کەڵکی خواردنەوە نایەت بەهۆی سوێرییەوە، پشت بە ئاوی کانی دەبەستین بۆ خواردنەوە، لە حاڵەتی وشکبونی کانیەکەدا رو لە گوندەکانی دەوروبەرمان دەکەین بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە.

دەشڵێت: چارەسەری ئاوی خواردنەوەی گوندەکە کردنی کانیەکەیە بە بیر.

لەبەرامبەردا دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: بۆ چارەسەری گرفتی ئاوی گوندی چەمی شۆر لەسەردەمی بەڕێوبەرەکانی دیکە و منیشدا هەوڵدراوە و بەڕێوبەری ئاوی دەوروبەری گەرمیانیش بەدەم کێشەکانمانەوە هاتوە، بەڵام بە پرۆژەکردنی ئەو کانیەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیانە، تائێستا لە بەرنامەماندا نەبوە.

لایخۆشیەوە نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان دەربارەی کێشەی سوێری ئاوی گوندەکان، وتی: ئەو گوندانەی ئاویان سوێرە، لەرێگەی گوندێکی تر یان سەرچاوەیەکی دیکەی ئاوەوە چارەسەری سوێری ئاوەکەیان دەکەین.

«ئەو ئاوەی لە بیرەوە دەگاتە ماڵەکان هەموی ژەنگاوە، سەرەڕای بەکارهێنانی فلتەریش کاریگەری ژەنگەکە لەسەر ئاوەکە دەمێنێتەوە و گونجاو نییە بیخۆینەوە». رەفیق فەتاح، ئەنجومەنی گوندی فەتاح ئۆمەر سەر بە ناحییەی سەرقەڵا، وای وت.

وتیشی: ئەو تەئسیسەی بۆ ئاوی گوندکەکە کراوە هەموی ژەنگی هەڵهێناوە، ماوەی ساڵانێکی زۆرە کراوە، ئەمەش بوتە هۆی ئەوەی ئاوەی لەبیرەوە دەگاتە ماڵەکانمان هەموی ژەنگاو بێت.

لە بەرامبەردا دلێر عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری ناحییەی سەرقەڵا، دەڵێت: دانیشتوانی گوندەکە ئاگەداریان نەکردومەتەوە لە کێشەی ئاوی گوندەکەیان هەرچەندە بەم نزیکانە سەردانی سنورەکەیانم کردوە، پێویست بکات سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان وئاودێریش دەکەم.

## ٢. کارەبا

بـڕی وزەی کارەبای گوندەکان دیاریکـراو نییە، ئەمەش بە وتەی بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان.
حـازم کەریـم، وتی: گوندەکان لـەوەرزی هاوینـدا بەکارهێنانیان زیاتـردەکات و لـە وەرزی بەهـار و پایـزدا بەکارهێنانیـان کـەم دەکات، لە زستانیشدا ئەگەر هەر ساڵێک بارانە ساڵ بێت بیریان کەمتر کارپێدەکەن و لۆدیان کەمە، بارانەسـاڵیش نەبێت گشـتی بە غەتاس و مەرەشە کاردەکات و لۆدیان زیاد دەکات، بۆیە هیچ ژمارەیەکـی بڕی بەکارهاتوی کارەبا لە گوندەکان بە جێگیری لای ئێمە نییە.
یەکێک لە کێشەکانی پەیوەست بە کارەبای گوندەکانەوە، نەبونی کارەبای نیشتمانییە لە بنەڕەتەوە.
پێشتر وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان رایگەیاندبو ٢٤ گوند ماون کە کارەبایان بۆ رابکێشرێت، لەو رێژەیە ١٠ گوندیان دەسـت بە پرۆژەی راکێشـانی کارەبایان کراوە و ئەوانی دیکەش هەنگاو بە هەنگاو دەستپێدەکەن.
حـازم کەریـم، بەڕێوبەری گشـتی کارەبای گەرمیـان، لەوبارەوە دەڵێت: داتامان نییە ئێستا چەند گوند ماون کە کارەبایان نییە، ئێمە سـەیری داواکاریـی ئیداریی دەکەین، هەرچـی داوایکردبێت ئەگەر تەواویش نەکرابێت لە ئیشی ئیدارياتە، بۆ نمونە رەزامەندی دارایـمـان بـۆ وەرگرتوە دەبێـت تەندەری بۆ بکرێت لـە ئیدارەی گەرمیان و بدرێت بە بەڵێندەر.
رونیشیکردەوە: پرۆژەی هەندێک لە گوندەکان لە رێکاری ئیداریی دان، بـۆ نمونە دو گوندمان هەیە سـتونمان بۆیـان داناوە، بەڵام بەوهۆیەی پێشینە «سلفە» بۆ مقاول خەرج نەکراوە، جارێ تەل و پێداویستیەکانی تری بۆ نەکڕیوە.
لەلایەکی دیکەوە، خراپی کارەبای گوندەکان بەیەکێک لەو کێشـە سـەرەکییانە دادەنرێت کە دانیشـتوانی گوندەکان لە پێشـینەی گرفتی خزمەتگوزارییەکانی دادەنەن، هەروەک هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن خراپی کارەبای هۆکارە بۆ کۆچی دانیشتوان.

ئـازاد سـەعید، ئەنجومەنی گونـدی لفتی ئاغا سـەربە ناحیەی زینانە، وتی: بەهۆی خراپی کارەبای گوندەکەمانەوە ئەو خێزانانەی توانای رۆشـتنیان هەبوە گوندەکەیان بەجێهێشتوە خەڵکێکی زۆر رۆیشـتوە، خراپی کارەبا نەک لە گوندەکەی ئێمە، بەڵکو نزیکەی ١١ گوند بەهەمان شێوە کێشەی کارەبایان هەیە لە سنورەکەماندا.
وتیشی: بەهۆی نزمی ڤۆڵتییەی کارەباوە نەک سودی لێ نابینین، بەڵکو زیانمان پێدەگەیەنێت، هەمو ئامێرە کارەباییەکانی خەڵکی گوندەکە دەسوتێت، خەڵکی گوند ئاگەدارم دەکەنەوە کە تەنانەت شەحنی موبایل کار پێناکات.
هـەروەک شـێرکۆ یاسـین، ئەنجومەنـی گوندی دوراجی سـەربە ناحیـەی زینانە، دەڵێت: کارەبای گوندەکەمان بەهۆی لاوازییەوە ئامێـرە کارەباییەکانمان کارپێنـاکات، دەبێت ڤۆڵتاج بکڕین، زۆر پێویستمان بە چاککردنی کارەبای گوندەکەیە.
دەشڵێت: بۆچارەسەری ئەم کێشەیە چەندینجار سەردانی ئیدارەی گەرمیانمان کردوە بەڵێنی هێنانی وێستگەیەکی کارەبامان پێدراوە بۆ ناحییەکە، بەڵام هەر بەڵێنەو بۆمان جێبەجێنەکراوە.
هـاوکات وەهاب ئەحمەد، بەڕێوبـەری ناحییەی زینانە (نەوجول) دەڵێت: لاوازیی کارەبای گوندەکانی سنوری ناحییەکە دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی کاتـی خۆی کارەبا لەسـەر هێڵی ١١ کـەی ڤی بوە، کە کارەبا گەیشـتوە بەسـنورەکە ئەو ژمارە زۆرە گوندەی ئێستا لەسـەریەتی، لەسـەری نەبوە، ئێسـتا بیر و محاولەیەکی زۆری کارەبا دانراوە هۆکارە بۆ کزی کارەباکە.
دەشـڵێت: بۆ چارەسەری گرفتی کارەبای سنورەکە داوای دانانی وێستگەیەکمان کردوە، رەزامەندی دراوە و پارەی بۆ تەرخانکراوە، دراوە بەکۆمپانیاش تەنها چاوەڕێی جێبەجێکردنی دەکەین.
ئامـاژەی بەوەشـکرد: «هیوادارم بەڕێوبەرایەتی گشـتی کارەبای گەرمیـان و ئیـدارەی گەرمیـان ئەوانەی سەرپەرشـتی پرۆژەکە دەکەن، خەمێکی بە پەلەی وێستگەی کارەباکەمان بخۆن».



پرۆژەی گەیاندنی کارەبا بە گوندێکی گەرمیان

سەرچاوە: ب. گ. کارەبای گەرمیان

له بەرامبەردا حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: دانانی وێستگە بۆ ناحییەی زینانە ئامادەیە، بەڵام خەتی ٣٣ کەی ڤی پێویستە، بڕیار وایە لە کۆتایی ئەم مانگە (نیسانی ٢٠٢٥) دەستبکرێت بە راکێشانی هێڵی ٣٣ کە لە ناحیەی سەرقەڵاوە رایبکێشین بۆ زینانە، وێستگە مۆبایلەکەش ئامادەیە بۆ ئەوەی بیگوازینەوە و بخرێتە کار.

دەشڵێت: بەدانانی ئەم وێستگەیە لە ناحییەی زینانە، کێشەی ڤۆڵتییەی کارەبای ٧٠- ٨٠٪ی گوندەکانی ئەو سنورە چارەسەر دەبێت.

ئەم کێشەی نزمی ڤۆڵتیەی کارەبا، لە گوندەکانی ناحیەی کۆکسیشدا هەیە.

حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، لەوبارەوە دەڵێت: ناحیەی کۆکس وێستگەیەکی گەورەی کارەبای پێویستە، لە پلانی وەزارەتی کارەبادایە بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەگەر بودجە بڕواتە سەر سکە، وێستگەیەکی مۆبایلی گەورەتریان بۆ بکڕین، خۆی ئێستا ١٠ مێگا واتییە ئەوکات دەبێت بە ٤٥ مێگاواتی و ئەوکات کێشەی ڤۆڵتییەیان چارەسەر دەبێت.

«کێشەی چاککردنەوە (سیانەی) کارەبای گوندەکەمان هەیە، ماوەی چەند ساڵێکە تۆڕی کارەباکەمان گرفتی لاوازیی کارەبا و محاویلەمان هەیە، کە وەرزی زستان و بارانبارین دەستپێدەکات، خەمی کارەبامانە لەکاتی باوباران و هەورەبروسکە دەبڕێت».

محەمەد حەمەکەریم، ئەنجومەنی گوندی زەماوەنگەی سەر بەقەزای کەلار، وای وت.

له بەرامبەردا حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: بۆ چارەسەری گرفتی کارەبای زەماوەنگە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی کارەبای کەلار بکەن بۆ ئەوەی دەرخستەی بۆ بکرێت و بودجە بۆ جێبەجێکردنی دابین بکرێت.

بەشێک لە گوندەکان کێشەی کۆنی و خراپی کەرەستە و تەئسیسی کارەباکەیان هەیە کە لە کۆندا بۆیانکراوە.

مەحمود ئەحمەد، ئەنجومەنی گوندی بۆیسانەی سەربەناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: ئەو کەرەستانەی کاتی خۆی بۆ تەئسیسی کارەباکەمان بەکارهێنراوە کوالێتی خراپە، محاویلەی کارەباکە چەتاڵمانکردوە، باوبارانێک هەڵدەکات ٢٤ سەعات کارەبامان نییە.

لە بەرامبەردا دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: بە مەبەستی چارەسەرکردنی محاویلە و کەرەستەی کارەبای گوندی بۆیسانە، لە بودجەی پەرەپێدان ساڵی پار دەرخستەمان پێشکەشکردوە رەزامەندییەکەی لە گەڕانەوەدایە.

هاوکات حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: سیانە لە کاتی با و هەورەبروسکەدا خەلە لی تێدەکەوێت، ئەم گرفتەش گرفتێک نییە چارەسەر نەکرێت، ئەو هێڵەی بەسەر فنجانەدا دەڕوات لە وێستگەی کارەبای مەیدانەوە دەردەچێت تادەگاتە کوردەمیرەکان بەنزیکەی ٦٠- ٧٠ کم تەلی لەسەرە هەورە بروسکەیەک لە عامودەکان دەدات ئەبێتە هۆی شکانی فنجانەکان، بەم هۆیەوە تا فنجانەکان نەگۆڕدرێت کارەبا دەرناچێت.

«کارەبای گوندەکەمان ستونی (عامود) بۆ دانەنراوە، کاتی خۆی خەڵکی گوند بە هەڕەمەکی رایان کێشاوە بە هۆی نەبونی ستون و نزمی وایەرەکان بەر سەری مرۆڤ دەکەوێت، تائێستا ئەم تەئسیسە وەک خۆیەتی و هیچ بۆ نۆژەنکردوەنەوەی نەکراوە».

عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان، ئەنجومەنی گوندی کانی کرمانج سەر بە ناحییەی میدان، وای وت.

وتیشی: خراپی تەئسیسی کارەباکە بوەتەهۆی ئەوەی ئامێرە کارەبابییەکانمان کارپێنەکات، دانیشتوانی گوندەکە خراپی کارەبای گوندەکەیان بەمن دەگەیەنن، منیش عەریزەم داوە بە بەڕێوبەری ناحییە، پێیوتوین داواکەتان بەرزدەکەینەوە، بەڵام تائێستا هیچمان بۆ نەکراوە.

لە بەرامبەردا سەروەت محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی مەیدان، دەڵێت: پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی کارەبای ٦ گوندی ناحییەی مەیدان هەمو رێکارەکارەکانی تەواوبوە، بۆ کۆمپانیاش دەرچوە و لیژنەش بۆ سەرپەرشتیکردنی پێکهێنراوە.

دەشڵێت: یەکێ لەو ٦ گوندەی کارەبای بۆ نۆژەندەکرێتەوە گوندی کانی کرمانجە، بەجێ بەجێکردنی پرۆژەکە گرفتی ڤۆڵتییەی کارەبا و تەئسییسی کارەبای ناو گوندەکە چارەسەر دەبێت.

هاوکات حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ٦ گوند لە ناحییەی میدان سیانەی کارەبایان بۆ دەرچوە لیژنەش لە نێوان ئیدارەی گەرمیان و کارەبای گەرمیان بۆ جێبەجێکردنی دانراوە.

لەلایەکی دیکەوە لە زۆرێک لە گوندەکانی گەرمیان، پێوەری زیرەکی کارەبا دانەنراوە هاوشێوەی ناوەندی قەزا و ناحیەکان.

حازم کەریم لەمبارەیەوە وتی: هەر شوێنێک تۆڕی مۆبایلی «زەین»ی نەبو، پێوەرەکەی بۆ دانەنراوە، چونکە پێوەرەکە لە رێگەی تۆڕی مۆبایلی زەینەوە پەیوەستە، بەڵام ئەوگوندانەی دەکەونە نزیک یان سەر جادە گشتییەکان، بۆیان دانراوە.

لەبارەی هۆکاری ئەوەی کە بۆچی پێوەر بۆ هەموی دانەنراوە؟ بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان وتی: ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەی پێوەری زیرەکی بۆ دەرچو ماوەی گرێبەستەکەی تەواوبوە، ئێستا لە چوارچێوەی پرۆژەی روناکی دا بۆ هەمویان دادەنرێت.

## ٣. تەندروستی

لە کۆی ٤٣٥ گوندی سنوری گوندەکانی گەرمیان، ٥٩ بنکەی تەندروستی هەیە، ئەوانیش هەندێک چارەسەری سەرەتایی پێشکەش دەکەن.
د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، رونیدەکاتەوە: بەپێی وەزیفەی بنکەی تەندروستی، کۆمەڵێک ئایتمی سەرەتایی چارەسەر و دەرمان دەتوانین لەوێ دانەین وەک شروب و حەپ.
ئارام عاسی، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی قەڵاتەپزان، باسی لەوەکرد ئەوان پشکنینیان نییە و تەنها بۆ نەخۆشییە سەرەتاییەکان دەرمانیان هەیە، «بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک فشاری خوێن و شەکرە دەرمانمان نییە، هەروەها دورینەوەو تەقەڵمان نییە، ئەمە وەکو یاسایەک بۆمان دانراوە».
بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەختی لەم قسەیە کردەوە و وتی: بەنیسبەت دەرمانی دژەهەوکردن و دەرزی و دەرمانی فشاری خوێن و شەکرە و هاوشێوەکانیان، بەهیچ شێوەیەک ناتوانین لە بنکەی تەندروستی داینەین، چونکە بە رێنمایی بۆمان دیارییکراوە.
بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی گوندەکان رەخنە لە رادەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان دەگرن و دەڵێن لە ئاستی پێویستدا نییە.
محەمەد حەمەکەریم، ئەنجومەنی گوندی زەماوەنگەی سەر بە قەزای کەلار، دەڵێت: بنکەی تەندروستی گوندەکەمان لە دو یاریدەدەری پزیشکەوە کراوە بەیەک کەس، بنکەی تەندروستی بە یەک کەس بەرێوەناچێت و ناتوانێت پێداویستی دانیشتوانی گوندەکە پڕبکاتەوە.
لایخۆشیەوە، ئارام عاسی، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی قەڵاتەپزان، جەختی لەم قسەیە کردەوە و وتی: شتێکی ناچارییە ئەگینا قورسە بنکەیەک بە تەنیا کەسێک بەرێوەبببرێت، کە وەک لێپرسراو و دابینکردنی دەرمان و هێنان و بردنی دەرمان و دەوام کردن قورسی خۆی هەیە، ئەمە بە ٢ بۆ ٣ کەس دەکرێت.
لە بەرامبەردا د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: کەمکردنەوەی کارمەندی بنکە تەندروستیەکانی گوندەکان بۆ یەک کارمەند دەگەڕێتەوە بۆ پەککەوتنی خزمەتگوزاری ناو نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی گشتی کەلار و شەهید د. خالد گەرمیانی لە کفری.
دەشڵێت: ئەمەش بەهۆی دانەمەزراندنی کارمەند و راگرتنی کارمەندی خۆبەخشەوە کە تەنانەت ئەو ١٠٠ کەسەی بە گرێبەست بۆ ئیدارە سەربەخۆکان سۆران و زاخۆ دامەزراون، بۆ ئیدارەی گەرمیان دانەمەزراون، بۆیە ئەمساڵ ئەو بریارەماندا زۆربەی بنکەکانی گوندەکان ٢ بۆ ٣ کارمەندیان تیایە کراوە بەیەک کارمەند، ئەمەش بەسەر هەموویاندا جێبەجێدەکەین.
هەروەک مەحمود ئەحمەد، ئەنجومەنی گوندی بۆیسانەی سەربە ناحییەی شێخ تەویل  رەخنە لە بنکە تەندروستیەکانی ناحییەکەیان دەگرێت و دەڵێت: دو بنکەی تەندروستی لە سنوری ناحییەی شێخ تەویل هەیە «وەکو ئەوە وایە نەمانوێت»، ئەم بنکە تەندروستییە لە هەفتەیەکدا دو رۆژ کارمەندەکانی دەوام دەکەن ئەو دو رۆژەش لە کاتژمێر ١١ دەڕۆنەوە.
دەشڵێت: بنکەی تەندروستی ناحییە پێوستە ئێشکگری تیادابێت بۆ ئەو گرفت و حاڵەتە تەندروستیە لەناکاوانەی رودەدەن و بەدەم چارەسەری خەڵکی گوندەکانەوە بێن.




دیمەنی بنکەیەکی تەندروستی گوندێکی گەرمیان

سەرچاوە: ب. گ. تەندروستی گەرمیان



دیمەنێک لە بنکەی تەندروستی گوندی گردەگۆزینە

سەرچاوە: ب. گ. تەندروستی گەرمیان

لە بەرامبەردا دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: بۆ ئەوەی بنکەی تەندروستی ناحییەکە بکرێت بە مەڵبەندی تەندروستی و دەوامی بەردەوامی تیادابێت، هەوڵدراوە و فەرمانیشی هەیە.

دەشڵێت: لەلایەن هاوڵاتیانەوە گلەیی لە دەوامی کارمەندانی بنکە تەندروستییەکان نەهاتوەتە لامان، بەپێی پێویست لە دەوامدابون، نەبونی ئێشکگر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنکەکە نەبوە بە مەڵبەندی تەندروستی.

هاوکات د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ئەرکی بەڕێوبەری ناحییەکانە بەدواداچون بۆ دەوامی کارمەندانی بنکە تەندوستیەکانی ناحییەکانیان بکەن، لە ئێستادا کە موچە لەکاتی خۆیدا دێت غیابیان بدەن لەکاتی نەهاتنە سەرکاردا.

دەشڵێت: یەکێک لە هۆکارەکانی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی چاودێریکردنی بەڕێوبەری ناحییەکان بەسەر بنکە تەندروستیەکانی گوندەکاندا کە دەوامیان نەدەکرد.

لەبارەی نەبونی ئێشکگر لە بنکە تەندروستیەکانی گوندەکاندا، ئاماژەی بەوەکرد: لەناو هەیکەلی بنکەی تەندروستیدا ئەرکی بنکەی تەندروستی ٢٤ کاتژمێریی نییە.

سەرەڕای گرفتی ئەو گوندانەی بنکەی تەندروستییان هەیە، گرفتەکە بۆ ئەو گوندانەی بنکەی تەندروستییان نیە زیاترە.

تەها رەشید، ئەنجومەنی گوندی سەرقزڵی سەربە ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: گوندەکەمان بنکەی تەندروستی نیە، تەنانەت ئەو بنکە تەندروستیەی لە سنورەکەدا کە لە ناحییەی قۆرەتو هەیە، فریای خۆیان ناکەوێت سەرباری ئەوەش دورە لە گوندەکەمانەوە.

هەروەک عەلی عەزیز، ئەنجومەنی گوندی عەوڵاقوت سەربە ناحییەی سەرقەڵا، دەڵێت: ١٢٠ماڵین بنکەی تەندروستیمان نییە، بونی بنکەی تەندروستی کارئاسانییە بۆ هاوڵاتیانی گوند لە کاتی دروستبونی گرفتێکی تەندروستی لە ڕێگەی بنکەی تەندروستییەوە چارەسەری کاتی بۆ بکرێت تا گەیشتنی بە شوێنی پێویست.

لە بەرامبەردا، د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە هەمو گوندێک بە گونجاو نازانم بۆ پێداویستی ئەمڕۆ.

دەشڵێت: وەکو بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، پڕۆژەیەکی تەندروستیمان بۆ گوندەکان پێشکەش بە دەسەڵاتی سیاسی و وەزارەتی تەندروستی کردوە، چەند جارێک گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام لەلایەن هەردو لایەنەکەوە ڕەتکرایەوە.

لەبارەی چیەتی ئەو پڕۆژە تەندروستیەی بۆ گوندەکان هەیانە، دەڵێت: پێشنیاری لابردنی هەمو بنکە تەندروستیەکانی گوندەکانمان کردوە، لەبری ئەو بنکانە بۆ چەند گوندێکی نزیکە لەیەکەوە لەناوجەرگەی گوندێک مەڵبەندێکی تەندروستی بکەینەوە، ئەم مەڵبەندە تەندروستیە پزیشک و کارمەندی تیادا دەبێت بەشێوەی ٢٤ کاتژمێریی نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە و تەنها بەیانیانە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هەروەها خزمەتگوزارییەکانی وەکو: فریاگوزاری سەرەتایی، ددان، کوتان، چاودێری ژنی دوگیان، ڤاکسین، چاودێری تەندروستی و ئەمبوڵانس لەخۆدەگرێت، بە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کێشەی خزمەتگوزاری تەندروستی گوندەکان چارەسەر دەبێت.

جەختیش لەوە دەکاتەوە: «ئێمە لەسەر ئەم پڕۆژەیە سورین ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و وەزارەتی تەندروستی قبوڵی بکات، تەنانەت تێچویەکی کەمیشی پێویستە».

لەبەرامبەر نیگەرانی و ڕەخنەی دانیشتوانی گوندەکان، بەرپرسانی بنکە تەندروستییەکانیش قسەی خۆیان هەیە.

هێرش کەریم، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی نازێ، دەڵێت: بنکە پێویستە کارەبای ٢٤ کاتژمێریی بۆ دابین بکرێت، بەهۆی ئەوەی لە هاویندا کارەبای گوندەکان ٦لە ٦ـی بەیانییەوە دەبڕێت تاوەکو ١٢ـی نیوەڕۆ، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆسەر دەرمان و چارەسەرەکانمان.

رونیکردەوە: هەمو دەرمانێک پلەی گەرمیی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بەرگەی تێکنەچون بگرێت، زۆربەی دەرمانەکان لە پلەی ٢٥ بۆ ٣٠ پلەی سەدیی بچێتە سەرەوە، هیچ کۆمپانیایەک گرەنتی ناکات دەرمانەکەی تێکنەچێت.

## ٤. ڕێگاوبان

بەشێکی زۆری گوندەکان گرفتی خراپی ڕێگاوبانەکانیان هەیە، ئەمەش کێشەی هاتوچۆی بۆ گوندنیشینان دروستکردوە و بەتایبەتیش لەوەرزی زستاندا زیاتر ئاستەنگی هاتوچۆیان بۆ دروستدەکات.

ئەحمەد کەریم، ئەنجومەنی گوندی چەمی شۆر سەربە ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: لەوەرزی بارانبارینداا بەهۆی هاتنی ئاو بۆ سەر ڕێگای گوندەکە ڕێگای هاتوچۆکردنمان دەبڕێت «ئەگەر کەسێکیشمان لێ بمرێت ڕێگامان نیە لەو ئاوە بپەڕینەوە ئەوبەر، بەهیچ شێوەیەک ناتوانین ڕێگاکە بەکاربهێنین».

دەشڵێت: لەگوند نەبوم گەڕاومەتەوە بچمەوە بۆ ماڵەوە، کەچی ڕێگای گەڕانەوەم نەبوە، ناچار لە گوندێکی دیکە ماومەتەوە تا بەیانی، ئەمەش لەکاتێکدایە بۆ چاککردنی ڕێگاکە زیاتر لە ١٥ عەریزەمانداوە بە شارەوانی و بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبان، بەڵام بۆمان چارەسەر نەکراوە.

هاوکات دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: تەنها ڕێگای سەنتەری ناحییەکە قیرتاوە، ڕێگای گوندی چەمی شۆر و گوندەکانی دیکەی سەر بە ناحییەکە هەوراز و خاکییە، چەندینجار داوای چاککردنی ڕێگای چەمی شۆرمان کردوە کە ڕێگای هاتوچۆی چەند گوندێکی دیکەی لەسەرە.

دەشڵێت: ئامێرەکانی شارەوانی کاری تیاداکردوە، بەڵام هەر چارەسەرێکی کاتییە و گرفتی ڕێگاکە چارەسەر ناکات جگە لە قیرتاوکردن، بەردەوام دەبین لە داواکاری بۆ قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکە.

ئاماژەی بەوەشکرد: پرۆژەی تێکەڵەڕێژمان بۆ کردون، لە بەرنامەدایە بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتی هاتوچۆی گوندی چەمی شۆر و گوندەکانی دراوسێی بکەین.

لە بەرامبەردا عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان، دەڵێت: سەرەڕای قەیرانی دارایی بەو بودجەیەی هەبو ساڵانە سەروی ١٠ پرۆژەمان بردوەتە بواری جێبەجێکردنەوە لە گوندەکان، بەشێوەیەک ئەگەر قیرتاویش نەکرێت ڕێگای هاتوچۆیان بۆ ئاسان بکرێت.

بەربەستەکانی نێوان ڕێگای دو سایدیی کەلار- دەربەندیخان، یەکێکی ترە لە گرفتەکانی هاتوچۆی گوندەکان.

نەوزاد ئەحمەد، هاوڵاتی گوندی سەی مەحموی سەر بە ناحییەی پێباز (باوەنور) دەڵێت: ئەو بەربەستە کۆنکرێتیانەی لە نێوان ڕێگای کەلار- دەربەندیخان دانراوە گرفتی هاتوچۆی بۆ دانیشتوانی ئەمبەر و ئەوبەری گوندەکە دروستکردوە.

هەروەک عەلی مستەفا، ئەنجومەنی گوندی سەی مەحمو، دەڵێت: بۆ ئەوەی لەمبەری گوندەکە بچینە ئەوبەری گوندەکە، دەبێت بچین لە باوەنورەوە بگەڕێنیەوە، داواکاریمان ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی ناحییەی پێباز و بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان کردوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتەمان بۆبکەن بە لابردنی چەند کۆنکرێتێک.

هاوکات عەدنان عەلی، بەڕێوبەری ناحییەی پێباز (باوەنور) دەڵێت: ئێمە لەگەڵ داواکاری گوندی سەی مەحمو و گوندەکانی دیکەین، هاوڵاتیان دەبێت ڕێگایەکی دور ببڕن بۆ ئەوەی یوتێرن بکەن، چەندجارێکیش داواکاری خەڵکمان بەرزکردوەتەوە لەبەر ئەوەی لابردنی ئەو بەربەستانە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

لەبەرامبەردا، عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان، دەڵێت: لابردنی ئەو بەربەستە کۆنکرێتیانەی نێوان ڕێگای کەلار- دەربەندیخان داواکاریی زۆر لەسەرە لەلایەن ئەو گوندانەی لەسەر ڕێگاکەن، بەپێی ئەو دیزاینەی بۆ ڕێگاکە کراوە دیزاینێکی ستاندارد بەرزە، بۆیە بەکارهێنانی ڕێگاکە لەمبەرەوە بۆ ئەوبەر و گەڕانەوەی ئۆتۆمبێل، دەبێتە لەم ڕوانەوە کەمترین هاتوچۆی لەسەر بێت.

دەشڵێت: لەڕێگەی دروستکردنی سوڕانەوە و بەرزەپرد و نزمەپرد بە ئاوبارە دروستکرابێت یان بە پرد ئەمانە کراوە بەپێی ئەو دیزانەی کە هەبوە لەگەڵ ستافی بەڵێندەر و بەڕێوبەرایەتیمان هەوڵی بۆ دەدەین.

باسی لەوەشکرد: پێویستە بەهەمانشێوە لەلایەن بەشی ئەندازەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانەوە کاری کۆنترۆڵکردنی بۆ بکرێت بۆ کۆی ڕێگاکە نەک تەنها بۆ گوندێکی دیاریکراو.

«پردی سەر ڕێگای گوندەکەمان ڕوخاوە، لەکاتی بارانبارین و لافاو ئاستەنگی هاتوچۆمان بۆ دروست ئەبێت، ئەگەر هاوڵاتییەکی گوندەکە ڕوبەڕوی حاڵەتێکی کوتوپڕبێتەوە بەهۆی خراپی ڕێگاکەوە ناچارە چاوەڕوانبێت ڕێگاکە وشک ببێتەوە». عەلی عەزیز، ئەنجومەنی گوندی عەوڵاقوتی سەربەناحییەی سەرقەڵا، وای وت.

وتیشی: چەندینجار داوامان کردوە کێشەی ڕێگای هاتوچۆمان بۆ چارەسەربکرێت، بەڵام بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

لە بەرامبەردا دلێر عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری ناحییەی سەرقەڵا، دەڵێت: بۆ چارەسەری ڕێگای گوندی عەوڵاقوت لەگەڵ بەرپرسی چاکسازی ڕێگاوبان و بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان لەسەر هێڵین، ڕێگایەکیان بۆ دەرچوە کە چەند کیلۆمەترێکە هاوڵاتیانی گوندەکە ڕەزامەندن لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆیان دەرچوە.

خراپی ڕێگای گوندەکەیان وایکردوە ئەگەر بۆیان قیرتاویش نەکرێت ڕازین بەوەی ناوبەناو لەڕێگەی ئامێرەکانی ڕێگاوبانەوە چاکسازی بۆ بکرێت.

مەجید مەحمود، دانیشتوی گوندی پوقەی سەربە ناحییەی ڕزگاریی، دەڵێت: ڕێگاکەمان زۆر خراپە، وەکو چاکناکرێت دو سێ مانگ جارێک گلێدەری لێبدرێت بۆ ئێمە باشە.

هەروەک سەردار مەجید، ئەنجومەنی گوندی شۆراوەی سەر بە ناحییەی ڕزگاریی دەڵێت: ڕێگای گوندەکەمان کە ڕێگای دو گوندی دیکەی لەسەرە، ڕێگایەکی خاکییە و زۆرخراپە بۆ هاتوچۆکردن، هەوڵی زۆرمانداوە ڕێگاکەمان بۆ چاکبکرێت، بەڵێنیشمان پێدراوە، بەڵام هیچی بۆ نەکراوە.

لەبەرامبەردا، جەمال ساڵح، بەڕێوبەری ناحییەی ڕزگاریی دەڵێت: ڕێگای گوندی پوقە ڕێگایەکی خاکییە و لە وەرزی زستاندا تێکدەچێت، ساڵی پاریش ئامێرەکانی بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیانمان بۆنارد چاکسازییان بۆ ڕێگاکە ئەنجامدا.

دەشڵێت: هاوڵاتیانی ئەو گوندە سەردانمان بکەن هاوکارییان دەکەین بۆ چاککردنی ڕێگاکە.

«ڕەنگە ١٠٠ جار داوای چاککردنی ڕێگای گوندەکەمانم کردبێت، ڕێگای هاتوچۆمان ڕێگایەکی بەردەڵانییە و بوەتە هۆی خراپبونی ئۆتۆمبێلەکانیشمان، تائێستا حکومەت بەمەبەستی چاککردنی شۆفڵێکی نەداوە لە ڕێگاکە». تارق مەجید، ئەنجومەنی گوندی حەیدەرە سور سەربەناحییەی زینانە وای وت.

لەبەرامبەردا، عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی ئەو توانایەی هەمانە هەوڵی کارکردنمانداوە بۆ ئەو گوندانە.

## ٥. قوتابخانە



گۆڕەپانی قوتابخانەی گوندێکی گەرمیان

سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار

لە گوندەکانی گەرمیاندا ٣٩٠ قوتابخانە و ٣٣ باخچەی ساوایان هەیە، بەڵام ئەم ژمارەیە بەس نییە و کێشەی جۆراوجۆر لە بواری قوتابخانە و پەروەردەدا هەیە.

«ژمارەی قوتابیانی گوندەکەمان زۆرن و لە بینای قوتابخانەی گوندەکە جێگایان نابێتەوە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دانیشتوانی گوند پارەمان کۆکردوە بۆ دروستکردنی دو ژور بۆ قوتابخانەکە لەسەر تێچوی خۆمان، بەڵام پەروەردە ئاگەداریان کردینەوە کە نەیکەین و بینای قوتابخانەمان بۆ دروستدەکەن».

خەسرەو عەبدولکەریم، ئەنجومەنی گوندی شێخ لەنگەری خوارو سەربەناحییەی کۆکس، وای وت.

هاوکات ساڵح محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی کۆکس دەڵێت: بۆ چارەسەری کێشەی قوتابخانەی شێخ لەنگەری خوارو داوای دروستکردنی قوتابخانەمان کردوە، داومانە بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردە کە کاری لەسەر بکەن.

لەبەرامبەردا عەدنان حسێن، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بەوەکالەت، دەڵێت: بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن لیژنەی بیناسازی و ئەندازیاریمان سەردانی قوتابخانی گوندەکە دەکەن بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا پێویستیان بە قوتابخانەیە یان نۆژەنکردنەوەیە، قوتابخانەی گوندی شێخ لەنگەر لەبەرنامەماندایە.

دەشڵێت: بودجەیەکمان لەبەردەستدایە لەرێگەیەوە هەوڵی چارەسەری گرفتی قوتابخانەکەیان دەدەین.

کێشەی بینا، لە زۆربەی گوندەکاندا هەیە، هەر یەکەی بە ئاستێک.

ساری بەهادین، بەڕێوبەری قوتابخانەی گوندی عەزیز قادر، وتی: بینای قوتابخانەکەمان زۆر خراپ و کۆنە، دیوارەکانی درزی بردوە و سەقفی پۆلێکمان کەوتوە، ٤ پۆلمان بە کابینە دروستکراوە، کابینەکانیش کۆنن، لەوەرزی زستاندا دڵۆپە دەکەن و ساردە و لە وەرزی هاویندا زۆر گەرمن.

لە گوندی پوقە، بەهۆکاری نەگونجاویی بینای قوتابخانەکەیانەوە، داوای داخستنی قوتابخانەکەیان کراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

محەمەد عەلی، ئەنجومەنی گوندی پوقەی سەربە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: بینای قوتابخانەی گوندەکەمان دیوارەکانی هەموی تەقیوە و شەقی بردوە، نەگونجاوە قوتابی تیایدا بخوێنێ، بۆیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە داوای داخستنی قوتابخانەکە کراوە.

دەشڵێت: بۆئەوەی قوتابخانەکە دانەخرێت و منداڵەکانمان ناچارنەبن بۆخوێندن بچن بۆ شوێنی دیکە، لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆمان منداڵەکانمان دەنێرینە قوتابخانە و بەرپرسیارێتی روداوی هەر شتێکمان لە ئەستۆی خۆمان گرتوە.

لە بەرامبەردا، جەمال ساڵح، بەڕێوبەری ناحییەی رزگاریی دەڵێت: دانیشتوانی گوندەکە سەردانمان دەکەن، بەڵام تائێستا کێشەی خراپی قوتابخانەکەیان پێ رانەگەیاندوم.

هاوکات عەدنان حسێن، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەوەکالەت، لەبارەی چارەسەری کێشەی ئەو قوتابخانەیەوە، دەڵێت: لەلایەن بەڕێوبەری قوتابخانەی پوقەوە داوای دروستکردنی بینامان لێکراوە، بەڵام لەئێستادا کە کاتی دەوامە زەحمەتە، بەو بودجەیەی لەبەردەستماندایە چارەسەری گرفتی قوتابخانەکەیان دەکەین.

زۆرینەی قوتابخانەی گوندەکان، کێشەی کارەبایان هەیە.

نیهایەت سابیر، بەڕێوبەری قوتابخانەی گوندی ساڵحە «ناساڵح»، دەڵێت: ئێستا کە وەرزی گەرمایە و پێویستە فێنککەرەوە کارپێبکەین، کارەبامان نییە، کارەباکەمان لەگەڵ کارەبای گوندەکە دایە، لەکاتی دەوامی ئێمەدا کارەبای گوند نییە، پێوستمان بەراکێشانی هێڵێکی تایبەتی کارەبایە کە جیاوزبێت لە کارەبای گوندەکە.

هاوکات، ساری بەهادین، بەڕێوبەری قوتابخانەی گوندی عەزیز قادر، دەڵێت: قوتابخانەی گوندەکان بەهۆی نەبونی کارەباوە ئێستا کەوەرزی هاوینە، لە دۆخێکی خراپدان، کە دەگاتە وانەی ٤ و ٥، مامۆستایان توانا و تاقەتی وانەوتنەوەیان نابێت بەهۆی نەبونی کارەبا و گەرماوە.

هاوكات بەشێكی زۆری قوتابخانەكان كارگوزاریشیان نییە.
نیهایەت سابیر، بەڕێوبەری قوتابخانەی گوندی سالْحە «ناسالْح»، وتی: قوتابخانەكەمان كارگوزاری نیە، پێویستی بە كارگوزارە، لەسەر ئەركی خۆمان كەسێكمان بە كرێ گرتوە بۆ كاری كارگوزاریی.
لەلایەكی دیكەوە، بەهۆی نەبونی ئەو ڕێژەیەی دیاریكراوە بۆ كردنەوەی قوتابخانە لەگوندێكدا، هەندێك گوند قوتابخانەیان نییە.
هەریەكە لە ئەنجومەنی گوندەكانی (سەرقزڵ، مەلائۆمەر و شۆراوە ( باس لەوە دەكەن لەگوندەكەیاندا قوتابخانە نییە.
ستار محەمەد، ئەنجومەنی گوندی مەلائۆمەر سەربە ناحییەی ئاوەسپی، دەڵێت: بەهۆی نەبونی قوتابخانە لە گوندەكەمان، منداڵەكانمان لەكەلار دەخوێنن، ئەوەی قوتابی هەبێت ناتوانێت لە گوند بژی یان منداڵەكانیان لە شارەو خۆیان لێرەن.
دەشڵێت: ئەگەر قوتابخانە هەبێت لە ٨٠٪ی خەڵكی دەگەڕێنەوە گوندەكە.
لە بەرامبەردا عەزیز محەمەد، بەڕێوبەری ناحییەی ئاوەسپی، دەڵێت: گوندەكان قوتابخانە و مامۆستایان هەبوە، بەڵام لە ئەنجامی چۆڵكردنیان لەلایەن دانیشتوانەكەیەوە لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا بە هۆكاری وشكەساڵی و حەزكردن بەژیان لە شار، حكومەت ناچار بوە قوتابخانەكان دابخات.
هاوكات بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بەوەكالەت، عەدنان حسێن، دەڵێت: هەرشوێنێك ئەگەر ١٠ قوتابیشی هەبێت ئێمە ئامادەین قوتابخانەیان بۆ بكەینەوە، بەڵام بۆ ٢ بۆ ٣ قوتابی ناتوانین ستافێكی كارگێڕیی و مامۆستا دابنەین لە گوندێكدا.
لە گوندەكاندا قوتابخانەی ئامادەیی نییە بەوهۆیەوە هەندێك لە خێزانەكان بەهۆی نەبونی توانای دابینكردنی تێچوی هاتوچۆوە، منداڵەكانیان لە خوێندن دابڕن.
مەحمود ئەحمەد، ئەنجومەنی گوندی بۆیسانەی سەر بە ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: قوتابیانی گوند دوای تەواوكردنی ناوەندی بۆ خوێندنی دواناوەندی دەبێن بچن بۆ ئامادەیی ناحییەكە، منداڵی زۆرهەیە لە گوند بەهۆی نەبونی دواناوەندی لە خوێندن دادەبڕێن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەندێك خێزان توانای دابینكردنی تێچوی هاتوچۆی منداڵەكەیان نییە بینێرن بۆ ناوەندی ناحیەی شێخ تەویل.
دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: گوندەكانی سنوری ناحییە داوای كردنەوەی قوتابخانەی دواناوەندییان كردوە، ئێمەش چەند جارێك دواكاریمان بەرزكردوەتەوە بۆ پەروەردەی گەرمیان، تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە.
«خۆم یەكێكم لەو كەسانەی منداڵەكەم لە خوێندن دەركردوە بەهۆی ئەوەی توانای ئەوەم نەبوە بیبەم بۆ شوێنێكی تر درێژە بە خوێندن بدات». سەردار مەجید، ئەنجومەنی گوندی شوراوە، وای وت.
لەبەرامبەردا عەدنان حسێن بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بە وەكالەت، دەڵێت: بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە نابێت لە گوندەكاندا قوتابخانەی دواناوەندی هەبێت، دەبێت دواناوەندی لەناو سەنتەری ناحییەكاندا هەبێت.



دیواری بینای قوتابخانەی گوندێكی گەرمیان

سەرچاوە: ڕادیۆی دەنگ

## ٦. کێشەی نەبونی هاوکاریی لە بواری کشتوکاڵدا

هاوکاری نەکردنی جوتیارانی گوندەکان بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەرکی سەرشانی دانیشتوانی گوندەکانی قورستر کردوە کە بە بەشی زۆریان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین، وەکخۆیان دەڵێن: نەبونی هاوکاری وایکردوە دەست لە کشتوکاڵکردن هەڵگرن.

عەلی مستەفا، ئەنجومەنی گوندی سەی مەحموی سەر بە ناحییەی پێباز (باوەنور)، دەڵێت: ساڵانی رابردو فەلاحەتم دەکرد، بەهۆی زۆری تێچو و گرانی گەنم و پەینی کیمیاوی و جوت، هەروەها نەبونی هاوکاریی لەلایەن حکومەتەوە، وازم لە کشتوکاڵکردن هێناوە.

هەروەک سۆران محەمەد، دانیشتوی گوندی زەماوەنگەی سەر بە کەلار، دەڵێت: ئەگەر حکومەت هاوکاریمان بکات کارئاسانییە بۆ ئێمە و وادەکات پەرە بە کاری کشتوکاڵیی بدەین لە گوندەکانمان، وەک جوتیارێک چەند تەنێک پەینی کیمیاویم کڕیوە تائێستا نەمتوانیوە پارەکەی بدەم.

دەشڵێت: ئێستا کە کاتی دروێنە نزیکە، ئومێدێکم بە بەرهەمەکە نییە بەهۆی بێ بارانییەوە، حکومەت هاوکاریت بکات خەمت کەمترە و دەتوانێت بیکاتە قەرز لەسەرت، ساڵێک کە بەرهەمی فەلاحی نەهاتە لە وەجبەی داهاتو قەرزەکەت لێوەرگرێتەوە.

لە بەرامبەردا، شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بەهۆی دروستبونی قەیرانی داراییەوە وردەوردە هاوکاریکردنی جوتیاران روی لە کەمکردنەوە کرد، ساڵانە لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بری ٦٤ ملیار دینار دەدرا بۆ هەمو هەرێم پاشان کرا بە ٣٢ ملیار، ئەو بڕەش کەمکرایەوە بۆ ١٩ ملیار و دوای ئەوەش نەما.

دەشڵێت: لەدوای ساڵی ٢٠١٨ـەوە بەتەواوی هیچ هاوکارییەکی جوتیارمان نەکردوە، کە لە پێشوتردا هاوکارییەکان خۆی دەبینیەوە لە دابینکردنی کودی کیمیاوی، مەرەشە و قڕکەر، ئەم هاوکاریانە یارمەتیدەرێکی زۆرباش بو بۆ جوتیاران.

یەکێکی تر لەو کێشانەی پەیوەست بە بواری کستوکاڵەوە لە گوندەکاندا کەم تا زۆر هەیە، کێشەی موڵکداریی زەوی و سنوری زەویی جوتیارەکانە، کە هەندێکجار سەر دەکێشێت بۆ شەڕ و ئاژاوە.

شادیە حسێن، لەمبارەیەوە وتی: هەرکاتێک نرخی بەروبومی کشتوکاڵی لەبازاڕدا بەرز بێت و بازاڕی بەرهەمەکان باش بێت، کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان زیاتر دەبێت.

لەبارەی شێوازی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، ئاماژەی بەوەدا: دەگەڕێتەوە سەر شایەت و ئەنجومەن و گرێبەستەکەی، ئەوەی گرێبەستی هەبێت زیاتر گوێ لێگیراوە، ئەوەش بەکرداریی زەوییەکەی لە بەردەستدابێت زیاتر کار لەگەڵ ئەوەدا دەکەین.

باسی لەوەشکرد ئەوان هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام هەندێک لە کێشەکانیش دواتر دەچێتە دادگا و رێڕەوی یاسا دەگرێت.

کێشەیەکی دیکە، زیادەڕەویی کردنە سەر دارستان و پاوانەکانە لەلایەن گوندنشینانە و بەکارهێنانیانە بۆ کشتوکاڵ و کێڵانی زەویەکانە.

رەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، دەڵێت: حاڵەتە زۆرە، گەرمیانیش وەک ناوچەکانی دیکە بەر شاڵاوی دەستدرێژیکردنە سەر لەوەڕگاکان بوەتەوە، لەم بابەتەدا بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ لە ئەستۆی یەکەی کارگێڕیی ناوچەکەدایە لیژنەیەک پێکدەهێنێت و خۆی سەرۆکایەتی دەکات ئێمەش ئەندام دەبین تیایدا، بۆ ئەو مەبەستە تائێستا چەندین کەیسمان داوە بە دادگا و چەندین کەسیش دادگایی کراوە.

باسی لەوەشکرد: بەڵام هێشتا ناتوانرێت کۆنترۆڵی تەواوەتی ئەم دیاردەیە بکرێت، پێوستە ئەنجومەنی گوندەکان هەر زیادەڕۆییەک لە سنوری گوندەکەیان کرابێتە سەر زەوی پاوان، کارگێڕیی ناوچەکە ئیتر چ بەڕێوبەرایەتی ناحیە یان قایمقامیەت بێت، ئاگەدار بکەنەوە و ئیدارەش هەڵدەستێت بەگرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەریان.



بەسەرکردنەوەی کشتوکاڵی گوندێکی گەرمیان لەلایەن لیژنەیەکی ب. گ. کشتوکاڵی گەرمیان

## ٧. کێشەی ئاژەڵداریی

ئاژەڵداریی یەکێکە لەو پیشانەی گوندنیشینان وەکو سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیانیان پشتی پێدەبەستن، بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان، لە سنورەکەدا نزیکەی ٦٠٠٠٠٠ شەشسەد هەزار سەر ئاژەڵ هەیە بە هەمو جۆرەکانییەوە.

ئاژەڵداران دەڵێن لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەرییەوە هاوکاری ناکرێین لەو گرفتانەی روبەروی ئاژەڵەکانمان دەبێتەوە.

تەهارەشید، ئەنجومەنی گوندی سەرقزڵی سەر بە ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: لەڕوی ئاژەڵداری و ئەو پێداویستیانەی پەیوەندیدارن بەو گرفتانەی روبەروی ئاژەڵەکانمان دەبێتەوە، بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری هیچ هاوکارییەکیان نەکردوین.

هەروەک محەمەد حەمەکەریم، ئەنجومەنی گوندی زەماوەنگە، دەڵێت: ئەو هاوکاریانەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەریەوە پێماندەدرێت، بەپێی پێویست نیە ساڵی جارێک ئەگەر کوتانێکمان بۆ بێت.

لەبەرامبەردا، د. ئاریان ئیبراهیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەریی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمانتوانیوە بەپێی پێویست هاوکاری ئاژەڵدارەکان بکەین، بەڵام بەشێوەیەک ئەگەر لە ٥٠٪ـیش بێت، توانیومانە هاوکاری بگەیەنینە گوندەکان.

دەشڵێت: ئەو برە دەرمانەی کە بۆمان دێت ڕێژەکەی زۆر کەمە، ئێمە داوای ڕێژەیەکی زۆر دەکەین، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە ڕێژەی داواکراو ناگاتە دەستمان.

ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ ئەوەی هاوکارییەکانمان هەمو گوندەکان بگرێتەوە، هەڵمەتەکان دەکەین، ئەمەش بەشێوەیەک هەندێک گوند جۆرێک ڤاکسین دەگرێتەوە هەندێکی دیکە دژی نەخۆشی تەوەقیان بۆدەکەین بەشێکیشیان تاعونی مەڕ و بزنیان بۆ دەکەین.

«ڤێتەرنەری ساڵی جارێک ئەگەر بێن، بۆ دەرزی دانکە تێن، ئەگینا دەرمانی نەخۆشییەکانی دیکەی ئاژەڵ خۆمان دەیکڕین». سەردار مەجید، ئەنجومەنی شۆراوە، وا دەڵێت.

لەبەرامبەریشدا بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەریی گەرمیان دەڵێت: کێشەی ئێمە ئەوەیە کە بڕێک ڤاکسینمان بۆ دێت بەشی هەمو گوندەکان ناکات، ناچارین دابەشی بکەین بۆ ئەوەی هەمو گوندەکان سودمەندبن لە هەریەکە لەو جۆرە ڤاکسینانەی بۆمان دێت.

## ٨. تۆڕی مۆبایل و ئینتەرنێت

لە ئێستادا هێڵی پەیوەندی مۆبایل و ئینتەرنێت یەکێکە لەو پێداویستیانەی نەک لە شارەکان، بەڵکو لەلایەن گوندنشینەکانیشەوە پێویستییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو خزمەتگوزارییە لە گوندەکاندا وەکپێویست نییە.

سەلام رەحیم، ئەنجومەنی گوندی دوانزە ئیمامی سەر بە قەزای کفری، دەڵێت: بەگشتی شەبەکە و ئینتەرنێت لە هەمو شوێنێکی گوندەکەمان خراپە، بەهۆی نەبونی شەبەکەوە پەیوەندیمان پێوەدەکرێت دواتر نامەی ئاگەدارکەرەوەت بۆ دێت.

دەشڵێت: بۆ ئینتەرنێت سود لە هێڵی مۆبایلەکانمان وەردەگرین، ئەگەرچی ئەویش باش نیە و کێشەی خاویی هەیە.

هەروەک تەها رەشید، ئەنجومەنی گوندی سەرقزڵی سەر بە ناحییەی قۆرەتو، دەڵێت: بەردەوام کێشەی نەبونی شەبەکەمان هەیە، ئەمەش لە هەندێک حاڵەتی زەرور کە پێویستمان بوە تەلەفۆنێک بکەین گرفتی بۆ دروستکردوین، لە هەندێک حاڵەتیشدا ئەگەر شەبەکە باش بێت کێشەی گەورەت بۆ چارەسەر دەکات.

لە بەرامبەردا، شەماڵ عومەر، بەڕێوبەری پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: پێویستە ئەو گوندانەی کێشەی شەبەکەی هێڵەکانیان هەیە هەر هێڵێک بێت، داواکاریمان بۆ بهێنن، ئێمە داواکەیان بۆ بەرزدەکەینەوە بۆ ئەو کۆمپانیایەی دەیانەوێت.

دەشڵێت: پاش بەرزکردنەوەی داواکاریی، کۆمپانیای ناوبراو نوسراومان بۆ دەکات بۆ ئەوەی لیژنەی ئێمە لەگەڵیان بچنە سەردانی ئەو شوێنەی کێشەی شەبەکەی هەیە، پێویستیان بە زیادکردن یان دانانی بورج بێت بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەت و وەزارەت کارەکانیان بۆ رایی دەکەین.

## ٩. دۆخی ئەمنی

لە دوای روداوەکانی ١٦ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ـە و خراپبونی دۆخی ئەمنی، هەندێک لە گوندەکانی سەر بە ناحییەی زینانە رویان لە چۆڵبون کردوە خەڵکی لەپێناو پاراستنی ژیانیان گوندەکەیان بەجێهێشتوە.

شێرکۆ یاسین، ئەنجومەنی گوندی دوراجی سەر بە ناحییە زینانە، دەڵێت: ژیانمان لە دۆخێکی زۆر خراپدایە، لەڕوی ئەمنییەوە ژیانمان لە ناو ئاگر و ئاسندایە، ٢ کیلۆمەتر لە داعشەوە دورین کە لەماڵ دێینە دەرەوە ژیانمان پارێزراو نییە.

دەشڵێت: خراپی باری ئەمنی وایکردوە خەڵکەکە گوند بەجێبێڵن، ٧٣ ماڵ بوین ئێستا بەوهۆیەوە ٨ ماڵ ماوینەتەوە و گوند چوڵبوە، بەتایبەتیش ئەم کۆچکردنەی دانیشتوانی گوند دوای شەهیدکردنی کوڕەکەم لەلایەن چەکدارانی داعش، روی لە زیادبون کرد.

هاوکات فەرمان عەبدوڵڵا، ئەنجومەنی گوندی قەڵای سەر بە ناحییەی زینانە، دەڵێت: گوندەکەمان کۆتا گوندە لە سنورەکەدا، تەنیشتمان چەکدارانی داعشە کە تەنها ١٠ دەقە درون لێمانەوە.

دەشڵێت: خراپی باری ئەمنی لە زۆر روەوە کێشەی بۆ ژیانمان دروستکردوە، ناتوانین بە شەو بڕۆینە دەرەوە بۆ ئاودانی کشتوکاڵ، بە رۆژیش دوربکەوینەوە بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات.

خراپی دۆخی ئەمنی بۆ شوانکارەکان قورسترە، ناتوانن بەیەک کەسەوە کاری شوانکارەیی بکەن.

هێمن رەشید، شوانکارێکی گوندی دوراجییە، دەڵێت: ئێمە کە کاری شوانکاریی دەکەین، بەهۆی خراپی باری ئەمنی ژیانمان لە مەترسیدایە، ناتوانین مەڕوماڵاتمان دوربخەینەوە، چونکە چەکدارانی داعش هەلیان بۆ رێککەوێت یان تەقەمان لێدەکەن یان شوان بە بارمتە دەبەن.

وتیشی: برایەکم لەلایەن داعشەوە برا بە بری ٣ دەفتەر ئازادیان کرد، هەربۆیە شوانەکان بەهۆی ترس لەسەر ژیانیان، لە گوند دورناکەونەوە.

«ئەوانەی ئاژەڵدارن هەمویان دو کەسیان لەگەڵدایە بە چەکەوە دەچن بۆ شوانکاریی». فەرمان عەبدوڵڵا، ئەنجومەنی گوندی قەڵا سەربەناحییەی زینانە وای وت.

وتیشی: «شوانێک دەڕواتە خوارەوەی گوند، نەک خۆی، خێزانەکەشی لە رەزالەتدایە» پێویستمان بەوەیە لەروی ئەمنیەوە پارێزگاریمان لێ بکرێت.

ئاماژەش بەوە دەکات: ئاژەڵدارەکان دەستیان لە ئاژەڵداری هەڵگرتوە و گوندیان بەجێهێشتوە، ئەوەشی کە ماوەتەوە ئێستە کە وەرزی لەوەڕە شوانەکان ناتوانن ئاژەڵەکانیان دوربخەنەوە دەبێت دەستبکەن بە پێدانی ئالیک.

هاوکات وەهاب ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحییەی زینانە، دەڵێت: هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش ئەمنیەتی سنورەکەیان پاراستوە، بەتایبەت گوندە نزیکەکان، هەروەها هێزەکانی کۆماندۆ و هاوپەیمانانیش بە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنیان هەیە بۆ ئەو سنورە.

دەشڵێت: سنورەکە سروشتێکی سەخت و عاسیە لەناو قوڵای دۆڵ و هەردەکاندا جارجار هەندێک مەفرەزەی شاراوە داعشی تیایە، هاوڵاتیانی گوندەکانی ئەو سنورانە روبەروی گرفت دەبنەوە، باشتروایە بۆ پاراستنی ژیانیان جوتیار و ئاژەڵدارەکان رێنماییە ئەمنییەکان جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی توشی گرفت نەبنەوە.



**کێوماڵی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لە سنوری گوندەکانی ناحیەی زینانە**

## ١٠. نەبونی ناوەندی پشودانی گەنجان و ژنان و منالآن

«لە گوندەکەمان هیچ ناوەندێک نیە بۆ گەنجان تیایدا پشو بدەن و کاتەکانیان تیادا بەسەربەرن، ئێمە بێ بەشین لە هەرشتێک کە سودی بۆ گەنج هەبێت و خزمەت بەگەنج بکات». هونەر سەردار، گەنجێکی دانیشتوی گوندی دوانزە ئیمامی سەر بە قەزای کفری، وای وت.

وتیشی: ژمارەی یاریزانمان زۆرە یاریگایەکی باشمان نیە، هیچ بۆ گەنجی گوندەکان نەکراوە وەک مەلەوانگە و یاریگا، مەعقول نیە هەمو شەوێک لێرەوە بچین بۆ کفری و رزگاریی بۆ یاریکردن، ساحەیەکی خۆڵمان هەیە بۆمان چیمەن بکرێت یان یاریگایەکی تارتانمان بۆ دروستبکرێت هەرباشە.

لەبەرامبەردا، قەیس سەعدوڵلا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی لاوانی گەرمیان، دەڵێت: گەنجانی گوندەکان هەقیانە شوێنی حەوانەوە و یاریگایان هەبێت، بەڵام ئەمە بودجەی دەوێت و لە توانای ئێمەدا نییە.

دەشڵێت: دروستکردنی یاریگایەکی تارتان ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار (٤ بۆ ٥ دەفتەر دۆلار) تێچوەکەیەتی، ئەمەش لە توانای ئێمەدا نییە، ئێمە پێشینەیەکی ٧٠٠ هەزاریمان هەیە ماوەی ٥ مانگە براوە.

دانیشتوانی گوندەکان ئەنجامدانی خول و چالاکی بۆ گەنجانی گوندەکانیان بە گرنگ دەزانن.

«هیچ شوێنێک نایەن بۆ گوندەکەمان لە رێگەی کردنەوەی خولەوە سود بە گەنجان و منالآن و ژنان بگەیەنێت، زۆرپێویستە ئەم جۆرە چالاکیانە بێنە گوندەکان». سەمین رەشید، ئەنجومەنی گوندی شێخ لەنگەری خوارو، وای وت.

سەردار مەجید، ئەنجومەنی گوندی شۆراوەی سەر بە ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: هیچ چالاکیەک بۆ گەنج و منال روی لە گوندەکەمان نەکردوە، هێنانی چالاکی و خول بۆ گەنجان پێویستە، بەڵام ئایا دەکرێت؟!

«گەنجانی گوندەکان پێویستیان بەو خولانەیە کە لەرێگەیەوە فێری پیشەیەک دەبن بیکەن بەسەرچاوەکی داهات، وەک خولی سەرتاشی کە دەتوانێت هەر لەناو گوندەکەدا دوکانێکی سەرتاشی بکاتەوە، گەنج لە بێکاریی و دەستبەتاڵی دوربخاتەوە». هونەر سەردار، دانیشتوی گوندی دوانزە ئیمام، وای وت.

لەبەرامبەردا عادل حسێن، بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، دەڵێت: چالاکی رۆشنبیری و هونەریمان نەبوە لەگوندەکاندا، ئەنجامدانی چالاکی پێویستی بە خەرجییە و دەبێت بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، ئەو چالاکیانەی ئێمە لەسنوری گەرمیاندا ئەنجامی دەدەین لەسەر پێشینەی خۆمانە.

دەشڵێت: ئەو چالاکیانەی لەناحییەکاندا ئەنجاممانداوە، ئەو هونەرمەند و رۆشنبیرانەی نیشتەجێی گوندەکانن، سودیان لێ بینیوە.

نەک هەر گەنجان، ئەوە ژنانیشن لە هەر چالاکییەکی پشوئامێز و فێرکاریی بێبەشن.

لەیلا ئەحمەد، ئەندامی تیمی رێکخراوی ئەدوی کە کار لەگوندەکان دا دەکەن، وتی: لەروی بونی شوێنێک بۆژنان کاتی تیادا بەسەربەرن یان پیشەیەک فێربن لە ناو گوندەکاندا نییە، زۆرجار ئێمە کە کۆیان دەکەینەوە لە چالاکیەکانمان دەستخۆشیمان لێدەکەن بەهۆی ئێمەوە کۆبونەتەوە و یەکیان بینیوە.

جەختیشیکردەوە: کچان و ژنانی ناو گوندەکان زۆر پێویستیان بە بینینی خولە کە فێری پیشەیەکیان بکات، ماوەی چەندین ساڵە کە خولی خەیاتیمان بۆ کردونەتەوە ئێستا بون بە خەیات، هەیانە خەیاتی بۆ گوندەکەی خۆیان و گوندەکانی دەوربەریشیان دەکات، بەردەوام داوامان لێدەکەن ئەڵێن خۆتان بێت یان رێکخراو و حکومەت بەڵکو خولمان بۆ بکەنەوە.

لە گەنجان و ژنان بێناز تر، منالآنن.

لەیلا ئەحمەد، باسی لەوەکرد هیچ پرۆژەیەک نییە بۆ منالآنی لادێکان لەلایەن لایەنە فەرمییەکانەوە، ئەوەی هەیە پرۆژەی «یاری و شادی»یە کە رێکخراوەکەی ئەوان ئەنجامی دەدات و رۆژانە چەندین جۆر یاری بۆ منالآنی تەمەن ٣ تا ١٥ ساڵ دەبەنە گوندەکان و هەرجارەی گوندێک بەسەر دەکەنەوەن لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاریان دەکەنەوە لە روی لایەنی ژینگە و کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە.

وتیشی: ئەو چالاکیانەی بۆ منالآنی گوند ئەنجامی دەدەین زۆریان پێخۆشە، کە منالآنی گوندێک ئاگەدار دەکەینەوە سەردانیان دەکەین، زۆر بە پەرۆشن و پێمان دەڵێن شەو تا بەیانی لە خۆشیدا نەخەوتوین و چاوەڕێمان کردون و پێش هاتنی ئێمە لە شوێنی دیاریکراودا ئامادە دەبن.

## ١١. کێشەی نەبونی مامۆستای ئاینی

بەشێک لە گوندەکان سەرەڕای بونی مزگەوت، مامۆستای ئاینییان نییە، بەوهۆیەوە رۆژانی هەینی دەچنە گوندەکانی دەوروبەریان بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی.
ئەحمەد کەریم، ئەنجومەنی گوندی چەمی شۆربی سەر بە ناحییەی شێخ تەویل، دەڵێت: مزگەوتمان هەیە، بەڵام مامۆستای ئاینیمان نییە، رۆژانی هەینی دەچین بۆ شێخ لەنگەر بۆ نوێژی هەینی.
هەروەک سەردار مەجید، ئەنجومەنی گوندی شۆراوە سەر بە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: بەهۆی نەبونی مامۆستای ئاینییەوە لە رەمەزاندا مامۆستامان لە ئێرانەوە دێت پێش نوێژیمان بۆ دەکات، دوای ئەو مانگە دەگەڕێتەوە، رۆژانی هەینیش بۆ مزگەوتی پوقە و زەرد دەڕۆین بۆ نوێژی هەینی.
لە بەرامبەردا، سەباح حەمەساڵح، بەڕێوبەری گشتی ئەوقافی گەرمیان، دەڵێت: لە سنوری ئیدارەی گەرمیان لەکۆی ٢٦٠ مزگەوت ٧٥ میلاکمان هەیە، ١٨٥ مزگەوتمان مامۆستای ئاینی نیە، لەناچاریدا بەهۆی ئەو بۆشاییەی کە هەیە، ١٧٠ مامۆستای خۆبەخش مزگەوتەکان بەڕێوەدەبەن.
دەشڵێت: ساڵانە مامۆستای ئاینیمان خانەنشین دەبێت و ماوەی چەندین ساڵە دامەزراندن نییە.
ئاماژەی بەوەشکرد: مەرج نییە لە هەمو مزگەوتێکدا نوێژی هەینی ئەنجام بدرێت، تەنانەت لە کەلاریشدا هەندێک مزگەوت وتاری هەینی تیادا نییە لەبەر ئەوەی رەچاوی دوری و قەرەباڵغی دەکەین، چەند گوندێک کە نزیکن لەیەکەوە لە یەک گوندا وتاری هەینی تیادا ئەنجام دەدرێت.
لەبارەی هێنانی مامۆستای ئاینیش لە ئێرانەوە بۆ گوندەکان، بەڕێوبەری گشتی ئەوقافی گەرمیان دەڵێت: ئێمە رەزامەندنین بە هێنانی مامۆستای ئاینی، دانیشتوانی گوندەکان هەرکاتێک بێنە لامان هەوڵدەدەین مامۆستایان بۆ پەیدا بکەین هیچ نەبێت بۆ مانگی رەمەزان.

## ١٢. کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک

کۆنەکردنەوەی خۆڵ و خاشاک، یاخود فڕێدان و سوتاندنی، لەو کێشانەن کە لە گوندەکاندا بونیان هەیە.
ئەگەرچی بەشێک زۆر لە گوندەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان بەهۆی دوری و نەبونی جادەی قیر ئۆتۆمبێلەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ وخاشاک بۆ گوندەکانیان ناچێت، ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ بەشێک لەو گوندانەش ناچن کە پێشتر رۆشتون.
محەمەد حەمەکەریم، ئەنجومەنی گوندی زەماوەنگەی سەر بە قەزای کەلار، دەڵێت: ئۆتۆمبێلەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک ساڵانی رابردو دەهاتن بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی گوندەکەمان، بەڵام ئێستا نایەن.
وتیشی: دانیشتوانی گوندەکان، پاشماوەکانیان دەسوتێنن یان لە چەمەکان فڕێیدەدەن، بەم رێگایەش هەرچەندە ژینگەکەمان بپارێزین ژینگە پیس دەکەین.
«ئۆتۆمبێلەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک ماوەی دوساڵە نایەن بۆ کۆکردەوەی پاشماوەکانی گوندەکە، بۆ ئەوەی ژینگەی ئاواییەکەمان پیس نەبێت، خەڵکی گوند لە چەم و دۆڵەکاندا پاشماوەکان فڕێدەدەن». سەلام رەحیم، ئەنجومەنی گوندی دوانزە ئیمامی سەر بە قەزای کفری وای وت.
لە بارەی نەڕۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک بۆ ئەو گوندانەی کە پێشتر رۆشتون، بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی خۆڵ خاشاک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، دەڵێت: ئەو قەیرانە داراییەی کە لە رابردودا هەبوە، ئێستا خراپتر بوە، لە مانگی ١١ی ساڵی رابردوەوە کە کۆمپانیای نوێ دەستبەکاربوە، کەچی تائێستا (ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠٢٥) پێشینەیان وەرنەگرتوە.
دەشڵێت: چارەسەری ئەم گرفتە پەیوەندیدارە بە باشبونی ئەو قەیرانە داراییەی کە هەیە.
هەندێک لە گوندەکان بەهۆی نەبونی رێگاوبان و جادەی قیر، ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی سەردانیان ناکەن.
ئیسماعیل سابر، ئەنجومەنی گوندی سەی حسێن سەربە ناحییەی سەرقەڵا، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی گوندەکە رێگاکەی باش نییە، ئۆتۆمبێلەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک بۆ گوندەکەمان نایەن، دانیشتوانی گوند لە رێگەی سوتان و فڕێدان لە چەم و دۆڵەکان پاشماوەکانیان لەناو دەبەن، ئەم رێگایەش دەبێتە هۆی پیسبونی چەمەکان.
لە بەرامبەردا بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکدا کراوە، ئەو گوندانەی جادەی قیریان هەیە ئۆتۆمبێلیان بۆ دەچێت و ئەوانەشی رێگای گوندەکانیان قیر نییە بۆی ناڕوات.

## بەشی‌دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. لــە ســنوری ئیــدارەی گەرمیانــدا ٤٣٥ گونــد هەیــە کە دابەشــبون بەســەر ٩ ناحییەدا لەگــەڵ ژمارەیــەک گوند کە راستــەوخۆ ســەر بە قەزاکانــن. ئەمانە ژمــارەی دانیشــتوانیان جیاوازە، بــەزۆری ئەو گوندانــە قەرەباڵغتــرن کە نزیکن لــە ناوەنــدی ناحیــە و قەزاکانەوە.

٢. گوندنشــینەکان زۆربەیــان بــە کشــتوکاڵ و ئاژەڵدارییــەوە ســەرقاڵن، جگــە لــەوەی هەندێــک لــە دانیشــتوانەکەی فەرمانبــەری مەدەنــی و ئەمنــی و عەســکەرین.

٣. گوندەکانــی گەرمیــان بەدەســت چەندیــن کێشــەوە دەناڵێنــن، هــەر لــە بــواری خزمەتگوزارییــە بنەڕەتییــەکان، تــادەگات بــە بونی ناوەندی پشــودان. لــەم راپۆرتــەدا ١٢ کێشــەی بنەڕەتیمان دەستنیشــان کــردوە، کــە بریتین لە:

ا. ئــاو: خــۆی لە نەبونی ســەرچاوەی ئــاو، یان کەمی ســەرچاوەی ئاو، یان نەشــیاوی ســەرچاوەی ئــاودا دەبینێتەوە، لەگــەڵ نەبونــی پرۆژە لــە نمونەی (بیــر و تۆڕی دابەشــکردنی ئاو).

ب. کارەبــا: بەشــێکی کــەم لــە گوندەکانی گەرمیــان کارەبــای نیشــتمانییان پێنەگەیشــتوە، بەڵام زۆرینــەی گوندەکان کێشــەی لاوازیــی ڤۆڵتییــەی کارەبا و خراپــی هێڵەکانــی گواســتنەوەی کارەبایان هەیە.

ت. تەندروســتی: ١٣,٥٪ــی گوندەکانــی گەرمیــان بنکــەی تەندروســتییان تێدایــە، ئــەم بنکانــەش دەوام و رۆڵ و خزمەتگوزارییەکانیــان ســنوردارن و لەجێــی پێویســتی و رەزامەنــدی دانیشــتوانی گوندەکانــدا نیــن.
پ. رێگاوبــان: زۆرینــەی گونــدەکان کێشــەی رێگاوبانیــان هەیــە، چ بە نەبونــی رێــگای قیرتاوکراو، یاخود بــە رێگای خۆڵیــی کوتــراو، ئەمــە ســەرباری برینی رێگا لــە وەرزی زســتان و خراپبونــی پردی ســەرەکی هاتوچــۆی هەندێک لە گوندەکان.

ح. پــەروەردە: لــە گوندەکانــی گەرمیانــدا ٣٩٠ قوتابخانە و ٢٣ باخچەی ســاوایان هــەن، بەڵام ئەمانە روبــەڕوی چەندین کێشــە دەبنــەوە، لەنمونــەی خراپی بینــا، نەبونی کارەبــا، نەبونی پێداویســتی و...هتد. هــەروەک نەبونــی قوتابخانەی ئامادەیــی یەکێکــی دیکەیــە لە کێشــە زەقەکان.

خ. کشــتوکاڵ و ئاژڵداریــی: بەکاریگــەریی وشکەســاڵیی، زۆرجار کشــتوکاڵ و ئاژەڵداریی ســنورەکە روبەڕوی کێشــە و فەوتــان و زیــان دەبێتــەوە، ئەمە ســەرباری ئــەوەی کە حکومــەت هاوکارییەکانــی تاڕادەی وەســتان، بۆ گوندنشــینان لــەو دو کەرتــەدا راگرتوە.

ج. کێشــەی تــۆڕی مۆبایــل و ئینتەرنێت: کێشــەیەکی زەقی گونــدەکان خراپی تۆڕی مۆبایــل و ئینتەرنێتــە، کە ئەمەش گرفتی زۆری بۆ دانیشــتوانەکەی دروســتکردوە.

چ. کێشــەی ئەمنــی: هەندێــک لــەو گوندانــەی کــە دەکەونــە ناوچــەی ســنوریی بەتایبەتــی لــە ناحیەکانــی زینانە و کۆکــس، مەترســی و هەڕەشــەی ئەمنییــان لەســەر، ئەمــەش وایکــردوە دانیشــتوانەکەی یــان کــۆچ بکــەن، یــان لە نائارامییــدا بمێننەوە.

د. کێشــەی خاشــاک: خاشــاکی گونــدەکان کۆناکرێتــەوە و بەشــێوەیەکی ناتەندروســت لەناودەبرێت، کــە ئەمەش زیانی ژینگەیــی زۆری هەیە.

ر. کێشــەی گەنجــان و ژنــان و منــاڵان: نــە ناوەنــدی تایبەت بە پشــودانی گەنجــان و ژنــان و مناڵان لــە گوندەکاندا هەیــە، نــە حکومــەت هیــچ چالاکییەک لــەو بوارانەدا بۆ ئــەو توێژانە ئەنجــام دەدات، ئەمــەش وادەکات بێبــەش بن لە زۆر بەهــرە کــە لە ناحیــە و شــارەکاندا هەن.

ز. کێشــەی نەبونــی زانــای ئاینــی: زۆرینــەی گونــدەکان مزگەوتیــان هەیە، بــەڵام مامۆســتای ئاینییان نییــە، بەمەش زۆرجــار مزگەوتەکانیــان بەکارناهێنــن بــۆ ســروتە ئاینییەکانیــان و رو لــە گوندەکانــی دیکــە دەکەن.

## دووەم: راسپاردەکان

١. گوندەکانی گەرمیان لە دۆخێکی سەختی ژیاندان، ئەمەش وایکردوە زۆرینەیان رو لە چۆڵبون بکەن، بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاریی پێویستەوە. جگە لەو گوندانەی کە نزیکن لە شەقامی سەرەکی یان سەنتەری ناحیە و قەزاکان، ئەوانی دیکە دوا ساتەکانی خۆیان دەژمێرن.
بۆ ئەمە پێویستە حکومەت بەرنامە و پلانی پێویست و خێرا دابنێت. بۆ ئەم مەبەستەش هانی حکومەتی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان و هەردو زانکۆی گەرمیان و پۆلیتەکنیک دەدەین بۆ ئەوەی کۆنفرانسێکی فراوان ببەستن و لەسەر دانانی میکانیزمێک بۆ چۆنیەتی پاراستنی گوندەکان و دەربازکردنیان لەم دۆخە، بگەنە گەڵاڵەیەک.

٢. ئەو بنەمایانەی وادەکەن مرۆڤ ژیانی گوند هەڵبژێرێت، زۆر لاواز بون، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە گوندەکاندا خراپن. بۆیە هانی ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتییە گشتی و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان دەدەین کە بایەخی زیاتر بەم لایەنە بدەن و وابکەن خزمەتگوزاریی گوندەکان پشتگوێ نەخرێت.

٣. کۆچکردنی دانیشتوانی گوند بۆ شار، بوە بە دیاردەیەکی بەرچاو، ئەمەش لەلایەک مەترسی ئابوری و دیموگرافی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە هێندەی تر شارەکان قەرەباڵەغ و جەنجاڵ دەکات. بۆیە گرنگە هاوسەنگی نێوان شار و لادێکان بپارێزرێت و هەمو گرنگیپێدانەکان بۆ شارەکان نەبن بە تەنیا.

٤. گۆڕانکاریی کەشوهەوا زۆر بە زەقی لە گوندەکاندا رەنگی داوەتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ژیان لە گوند دا داناوە، لەنمونەی دوبارەبونەوەی بەردەوامی وشکەساڵیی و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و لەوەڕگا و..هتد. بۆیە گرنگە حکومەت لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنەی ئەم مەترسییانە بکات و هەوڵبدات چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، لەنمونەی دروستکردنی پۆند و بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاو، یاخود گرتنەبەری رێکاری بەدیل بۆ کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداریی.

٥. ژینگەی قوتابخانەی گوندەکان یەکجار نەگونجاون، زۆرینەیان بنەما مرۆییەکانیان لە بونی بینای گونجاو و سەلامەت و خاوێن و فێنک تێدا بەرجەستە نەکراوە. جگە لەوەش بەهۆی نەبونی قوتابخانەی ئامادەییەوە زۆرینەی قوتابیان روبەڕوی مەترسی دەرکردنیان لە خوێندن دەبنەوە، بەوهۆیەی خێزانەکانیان توانای ئەوەیان نییە بیاننێرنە قوتابخانەی ناحیە و قەزاکان.
بۆیە داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین کە چاو بەم یاسایەیدا بخشێنێتەوە و لە گوندەکانیش قۆناغی ئامادەیی بەپێی پێویست بکاتەوە یاخود لەنێوان چەند گوندێکدا کە نزیکی یەکترین، ئامادەییەک بکاتەوە.

٦. بنکە تەندروستییەکان تێبینی زۆر لەسەر کارکردنیان هەیە، تەنانەت خودی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانیش لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانیان رازیی نییە و پێیوانییە بتوانێت رۆڵێکی راستەوخۆ ببینێت بۆ خزمەتی هاوڵاتیان. لەبەرامبەریشدا هەر خودی بەڕێوبەرایەتییەکە پرۆژەیەکی هەیە بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاریی لە گوندەکان، بەڵام بەوتەی خۆیان بەهۆکاری ململانێی حزبییەوە پشتگوێخراوە.
بۆیە پێشنیاز دەکەین بۆ ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، پێداچونەوەیەک بەم خزمەتگوزارییە بکەن و هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ئاستی خزمەتگوزارییەکان بکەن و لەو پرۆژەیەش بکۆڵنەوە کە تەندروستی گەرمیان دایناوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت، یاخود بەشێوەیەکی ئەزمونی بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە و لە ئەگەری سەرکەوتنی دا بەسەر هەمو ناوچەکاندا بچەسپێنرێت.
جگە لەوەش پێشنیاز دەکەین کە برەو بە نۆرینگەی گەڕۆک بدرێت بۆ گوندەکان، کە رۆژانە ستافی پزیشکیی گوندەکان بەسەر بکەنەوە.

٧. چەند جارێک بەڕێوبەرە حکومییەکان لەم راپۆرتەدا باس لەوەدەکەن کە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکانەوە ئاگادار نەکراونەتەوە لە بونی کێشەی گوندەکان، ئەمەش دەرخەری نەبونی پەیوەندیەکی باشە لەنێوان هاوڵاتیان و بەرپرسانی حکومی. بۆیە پێشنیاز دەکەین بەڕێوبەری ناحیە و قایمقامی قەزاکان، مانگانە بەشێوەیەکی خولیی «دەوری» کۆبونەوە بە ئەنجومەن و دەستەیەک لە دانیشتوانی گوندەکان بکەن و تیایدا باس لە کێشەکانیان و شێوازی چارەسەرکردنیان بکەن.

٨. زۆرینەی کێشەی کارەبای گوندەکان بە دانانی وێستگەی کارەبا چارەسەر دەبێت، گرنگە حکومەت دەستوبرد بکات لە دانانی ئەم وێستگانە، بۆ ئەوەی چیتر گوندەکان بەدەست ئەم کێشەیەوە نەناڵێنن.
هەروەها پێویستە حکومەت هانی هاوڵاتیان بدات بە بەکارهێنانی شێوازی بەدیل و دۆستی ژینگە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لەنمونەی سودبینین لە وزەی خۆر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاریی دارایی و دەستپێشخەریی دیکەی هەبێت.

٩. دانانـــی خاڵـــی زیاتـــری پێشـــمەرگە و هێـــزە ئەمنییـــەکان لەو ناوچانـــەی کێشـــەی ئەمنییـــان هەیە، بـــە هەنگاوێکی پێویســـت دادەنرێـــت بـــۆ کەمکردنـــەوەی مەترســـییەکان و دڵنیاییدان بـــە دانیشـــتوانی گوندەکان.

١٠. پێویســـتە حکومـــەت کۆمپانیاکانـــی پەیوەندیـــی ناچار بکات بەوەی چارەســـەری خێـــرای تـــۆڕ و خزمەتگوزارییەکانیان لـــە گوندەکانـــدا بکـــەن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش دەبێـــت بەڕێوبەرایەتـــی پۆســـتە و گەیاندنـــی گەرمیان ڕۆڵـــی هەبێت و هەڵســـەنگاندن بـــۆ ڕادەی ئـــەم کێشـــەیە بـــکات و لێـــی بکۆڵێتەوە، پاشـــان کۆمپانیـــاکان ئـــاگادار بکاتـــەوە و ناچار بە چاککردنـــی خزمەتگوزارییەکانیـــان بکات.

١١. پێشـــنیاز بـــۆ بەڕێوبەرایەتـــی ڕێگاوبانـــی گەرمیـــان دەکەیـــن کـــە هەڵســـەنگاندنێک بۆ ڕێـــگای ســـەرجەم گوندەکان بـــکات و پلانێـــک دانێت و بەپشـــت بەســـتن پێـــی ســـاڵانە بەپێی توانا دەســـت بـــە چاککردنەوەیـــان بکات.

١٢. پرســـی ژینگـــە لـــە گوندەکانـــدا زۆر پشـــتگوێخراوە، چ لـــە ڕوی مامەڵە لەگەڵ پاشـــماوە و خۆڵ و خاشـــاکەوە، چ لە ڕوی ڕێـــژەی ســـەوزایی و بونـــی دار و نەمامـــەوە. گرنگـــە حکومەت ئـــەم لایەنە بە هەنـــد وەربگرێت و پشـــتگوێی نەخات، چونکـــە دواجـــار ژینگـــەی ناوچەکە یەک بەشـــە و پارچە پارچـــە ناکرێت.

١٣. نەبونـــی ناوەنـــدی چالاکـــی و هیـــچ پرۆژەیەکـــی چالاکیـــی بـــۆ توێژەکانـــی ژنـــان و منـــاڵان و گەنجـــان، لێکەوتەی دەرونـــی زۆری هەیـــە. هانـــی بەڕێوبەرایەتییـــە پەیوەندیـــدارەکان دەدەیـــن کـــە بـــە هاوکاریـــی ڕێکخـــراوە ناوخۆیـــی و نێودەوڵەتییـــەکان، کاربکـــەن بـــۆ ئەنجامدانی پـــرۆژە و چالاکی لـــە گونـــدەکان و کۆتاییهێنان بەو شـــێوازەی کارکردن کە هەمـــو چالاکییـــەک لـــە ناوەنـــدی قـــەزا و ناحییەکاندا کـــورت دەکاتەوە.

١٤. پێویســـتە بەڕێوبەرایەتـــی گشـــتی ئەوقافـــی گەرمیـــان هەڵســـەنگاندن بـــۆ مزگەوتـــی گونـــدەکان بـــکات و بەپێـــی ژمـــارەی دانیشـــتوان و شـــوێنی جوگرافیـــی، زانـــای ئاینـــی بـــۆ مزگەوتـــەکان دیاریـــی بـــکات بەتایبەتی بـــۆ ئەنجامدانی نوێـــژی هەینـــی، بەشـــێوەیەک چەنـــد گوندێکـــی نزیـــک لـــە یـــەک مزگەوتێکیان بـــۆ دیاریـــی بکات.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکـی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) سالی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣ - ٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net